ڕووپێوی ئەنجامدراو لەلایەن

OPEN THINK TANK

هزر سازیا ئۆپن

# راپۆرتی ڕووپێو:
# جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراق؟
# بۆچوونەکان و چاوەڕوانییەکان لە کوردستانی سەربەخۆ



**Open Think Tank © 2017**

**ناوەڕۆک**

دەربارەی رووپێوەکە......3
پرۆفایلی بەشداران......4

پ 1: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان جیابێتەوە یان لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟......5
پ 2: ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی بوو، بە بڕوای تۆ پێویستە کەی سەربەخۆیی رابگەیەنرێت؟......8
پ 3: لە کوردستانی سەربەخۆدا، چاوەڕوانی بەرگری و ئاسایشی باشتر دەکەیت یان هەمان ئاست یان خراپتر وەک ئێستا کە بەشێکە لە عێراق؟......10
پ 4: : لە کوردستانی سەربەخۆدا، چاوەڕوانی ئابوری باشتر دەکەیت یان هەمان ئاست یان خراپتر وەک ئێستا کە بەشێکە لە عێراق؟......12
پ 5: : لە کوردستانی سەربەخۆدا، کۆمەکی کۆمەلایەتی باشتر دەکەیت یان هەمان ئاست یان خراپتر وەک ئێستا کە بەشێکە لە عێراق؟......14
پ 6: : لە کوردستانی سەربەخۆدا، چاوەڕوانی پەروەردەی باشتر دەکەیت یان هەمان ئاست یان خراپتر وەک ئێستا کە بەشێکە لە عێراق؟......16
چی خواستەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان روونده‌کاتەوە، سەبارەت بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی و چاوەڕوانییەکانیان لە کوردستانێکی سەربەخۆ؟......18
ئەنجام......19


**Open Think Tank © 2017**

## دەربارەی ڕووپێوەکە

هزر سازیا ئۆپن، ڕێکخراوێکی سەربەخۆی ناحیزبییە لە هەرێمی کوردستان، ئامانجی هاندانی دیالۆگ، گفتوگۆ و دەربڕینی بۆچوونە جیاوازەکانە لەسەر بابەتە هەنووکەییەکان.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان کە لە 2017/09/25 ئەنجام دەدرێت، بابەتێکی گرنگە نەک تەنها بۆ عێراق، بەڵکو بۆ کۆی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، چونکە دەنگدان لەسەر ئەم ریفراندۆمە، بەرەنگارییە بۆ نەخشەی سیاسیی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەم راپۆرتە ئەنجامە سەرەکییەکانی ڕووپێوێکە، کە لەلایەن هزر سازیا ئۆپن لەنێوان 20-27 ئاب 2017 ئەنجامدراوە، لەڕێگەی چاوپێکەوتنی ڕووبەڕوو لە سێ پارێزگا سەرەکییەکەی هەرێمی کوردستان: دهۆک، هەولێر و سلێمانی. سەرەڕای پرسیارە کۆمەلایەتی-دیمۆگرافییەکان، ڕووپێوەکە شەش پرسیاری بنەڕەتی لەخۆگرتوە، کە بەدرێژی لەم راپۆرتەدا باس دەکرێن.

گرنگە تێبینی ئەوە بکەین کە پاش ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە، هەندێک ڕووداوی گرنگ لەسەر شانۆی سیاسیی هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە. یەکێک لەمانە بریتییە لە گۆڕانی هەڵوێستی فەرمیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پاڵپشتیکردنی ریفراندۆم. لەبەرئەوەی بنکەی سەرەکیی دەنگدەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پارێزگای سلێمانییە، چاوەڕوان دەکەین بەپێی ئەمە ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە گۆڕانکاریيان بەسەردا هاتبێت. بەڵام دەکرێت ئەم گۆڕانکارییانە لەڕێگەی ڕووپێوی ترەوە تۆماربکرێن.

وەک ئەم ڕووپێوە نیشانی دەدات، زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان لەگەڵ سەربەخۆیی، بەڵام هەندێک بەشدار بیر لە وردەکارییەکان و سیاسەتەکانی پاش ریفراندۆم دەکەنەوە. بەدەر لە ئەنجامی ریفراندۆمی 09/25، پێویستە گفتوگۆیەکی قووڵ ئەنجام بدرێت لەسەر پەیکەر و ناوەڕۆکی دەوڵەتی کوردستان، بە ڕەزامەندی هەموو دانیشتوان بەدەر لە جێندەر، ئیتنیک، ئایین، حیزبی سیاسیی، ناوچە و پارێزگا.

ئێمە سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین کە بانگێشتەکەی ئێمەیان قبوڵکرد بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕووپێوەکە، هەروەها سوپاس هەموو هاوکارانی تر دەکەین کە یارمەتی ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوەیاندا.

لەکاتی ئاماژەدان بەم ئەنجامانە، تکایە ئەم فۆرماتە بەکاربهێنن:

Open Think Tank: (2017) *Leave or Remain in Iraq? A survey of opinion and policy expectations for an Independent Kurdistan*

بۆ داتا بنەڕەتییەکانی ئەم ڕووپێوە، شیکارییەکان و زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندیی بکە بە:

Mohammedali Taha myt@ttopen.org
,
Angela Movileanu angela@ttopen.org

یان سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە:

www.ttopen.org


Open Think Tank © 2017

## پرۆفایلی بەشداران

سامپڵێکی 677 کەسی لە کۆی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان (جگە لە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان) چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کرا. ئەم سامپڵە ئاستی متمانەی 99% و پەراوێزی هەڵە +/-5.

## جێندەری بەشداران




## تەمەنی بەشداران





**Open Think Tank © 2017**

## پرسیاری یەکەم: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان لەسەرانسەری هەرێمی کوردستانی عێراق.

کۆی ژمارەی بەشداران: 677




لەکاتی ئەنجامدانی ئەم ڕوویپێوە، زیاتر لە سێ چارەکی هەرێمی کوردستان پاڵپشتی جیابوونەوەی لە عێراقیان کرد. 17%دەیانویست کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە و 7%هیچ بۆچوونێکی ڕوونیان نەبوو لەسەر ئەم پرسیارە.  ئەو کەسانەی دەخوازن لە عێراق جیاببنەوە زۆرینەی هەرە گەورەن لە دهۆک (91%)، زۆرینەی ڕەها لە هەولێر (77%)، هەروەها زۆرینەیەکی سادە لە سلێمانی (52%). ڕێژەکانی مانەوە لەگەڵ عێراق بەم شێوەیەن: پارێزگای سلێمانی (38%)، پارێزگای هەولێر (17%) و پارێزگای دهۆک (4%). ڕێژەی ئەو کەسانەی هێشتا بڕیاریان نەداوە: سلێمانی (10%)، هەولێر (7%) و دهۆک (5%).

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان بەپێی پارێزگا.

کۆی ژمارەی بەشداران: 677




وەک لەم ئەنجامانەوە دەردەکەوێت، ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێت هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی چاوەڕوانی ئاسایش، ئابوری، کۆمەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی باشتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا. ئەمە دەیسەلمێنێت کە جیابوونەوە لە عێراق خواستێکی گشتیی خەڵکی کوردستانە و ئاستی سیاسەتەکان تێدەپەڕێنێت. بەدەر لە ئەنجام ریفراندۆمی 09/25 پێویستە گفتوگۆی قووڵ بکرێت لەسەر پەیکەر و جۆری دەوڵەتی کوردستان بە ڕەزامەندی هەموو دانیشتوان، بەدەر لە جێندەر، ئاستی خوێندن، ئیتنیک، ئایین، حیزبی سیاسیی، ناوچە و پارێزگایان. پێویستە دەوڵەتە تازەکە چۆن بێت؟ چەند فرەیی دەبێت و دەستور و میکانیزمە یاساییەکانی چۆن دەبن؟ سیستمی سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری چۆن دەبن لە دەوڵەتە تازەکەدا، چ جیاوازییەکی دەبێت لەگەڵ دۆخی ئێستا؟

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان بەپێی تەمەن:کۆی ژمارەی بەشداران: 677




لەکاتی شیکاری بەپێی تەمەن، داتاکە نیشانی دەدات کە کەسانی بەتەمەنتر کەمتر مەیلی مانەوەیان هەیە لەگەڵ عێراق: زیاتر لە 70% بەشدارانی تەمەن 18-44 ساڵ، لەکاتێکدا زیاتر 90% بەشدارانی تەمەن 65 ساڵ یان زیاتر داوای جیابوونەوەیان کرد لە عێراق.

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان بەپێی ئاستی خوێندن:کۆی ژمارەی بەشداران: 677




داتاکە نوێنەرایەتی ئەنجامەکان دەکات لەناو هەر ئاستێکی خوێندندا. لەکاتی بەراوردکردن بەپێی ئاستی خوێندن، هیچ جیاوازییەک نییە لەناو وەڵامەکاندا بۆ پرسیاری ئەوەی ئایا پێویستە کوردستان جاببێتەوە یان لە عێراق بمێنێتەوە. ئەمە نیشانی دەدات کە ئاستی خوێندن پێوەر نییە بۆ وەڵامەکانی ئەم پرسیارە.


Open Think Tank © 2017

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر:کۆی ژمارەی بەشداران: 360




هەندێک جیاوازی جێندەریی هەیە لە ئەنجامەکاندا: لەکاتێکدا کە 22%ی پیاوان دەخوازن لەگەڵ عێراق بمێننەوە، تەنها 13%ی ئافرەتان هەمان بۆچوونیان هەیە.

**پرسیار: ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە یان جیاببێتەوە؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر:کۆی ژمارەی بەشداران: 317




جیاوازی 10%ی ئافرەتان وتیان "نازانن". ئەم گروپە لە ئافرەتان کە هەڵوێستێکی ڕوونیان نییە دەگاتە 10%، دواتر تێبینی دەکرێت لە وەڵامەکانی پرسیارەکانی تری ئەم ڕاپۆرتەدا.


Open Think Tank © 2017

## پرسیاری دووەم: ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بەبڕوای تۆ کەی پێویستە سەربەخۆیی رابگەیەنرێت؟

(کۆی بەشداران: 677)




ئەنجامی ئەم پرسیارە "ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بە بڕوای تۆ پێویستە کەی سەربەخۆیی رابگەیەنرێت؟" نیشانی دەدات کە دانیشتوانی دهۆک و هەولێر رازین بە راگەیاندنی سەربەخۆیی دەستبەجێ پاش ریفراندۆم: 55% لە دهۆک و 50% لە هەولێر، بەڵام تەنها 23% لە پارێزگای سلێمانی.

هاوکات، چارەکێکی دانیشتوانی سێ پارێزگاکە، لەو بڕوایەدان کە باشترە چاوەڕوانی کاردانەوەکان و رەزامەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین. کەمتر لە 10% لە هەولێر و دهۆک و 32% لە سلێمانی لەو بڕوایەدان پێویستە بابەتەکە لەگەڵ عێراق گفتوگۆی لەسەر بکرێت. رێژەی 20% لە سلێمانی بۆچوونیان نییە لەسەر ئەم پرسیارە.


Open Think Tank © 2017

**پرسیار: ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بەبڕوای تۆ کەی سەربەخۆیی رادەگەیەنرێت؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر:کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 360




**پرسیار: ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بەبڕوای تۆ کەی سەربەخۆیی رادەگەیەنرێت؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر:کۆی ژمارەی بەشدارانی نێر: 317




لەکاتێکدا کە جیاوازی نییە لەنێوان پیاو و ژن لە وەڵامی "ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی بوو، پێویستە دەستبەجێ سەربەخۆیی رابگەیەنرێت، بەڵام 14% زیاتری ئافرەتان هێشتا بڕیاریان لەسەر ئەم بابەتە نەداوە.


Open Think Tank © 2017

پرسیاری سێیەم: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت بەرگری و ئاسایشی زیاتر هەبێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟

(کۆی ژمارەی بەشداران: 678)




دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق چاوەڕوان دەکەن چەند بەرگری و ئاسایشیان هەبێت لە کوردستانی سەربەخۆدا؟ دانیشتوانی هەولێر و دهۆک زیاتر گەشبینن، زیاتر لە 50% لە هەولێر و 74% لە دهۆک چاوەڕوانی بەگری و ئاسایشی باشتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا.

بەپێچەوانەوە، دانیشتوانی سلێمانی چاوەڕوانی ئاسایشی کەمتر دەکەن - 43% لەو بڕوایەدان کە بەرگری و ئاسایش کەمتر دەبێت بە بەراورد بە کوردستان وەک بەشێک لە عێراق، هەروەها 34% لەو بڕوایەدان کە ئاسایش باشتر دەبێت لە کوردستانی سەربەخۆدا.

پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت بەرگری و ئاسایشی زیاتر هەبێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 359




زیاتر لە 55%ی پیاوان و ئافرەتان چاوەڕوان دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا بەرگری و ئاسایش زیتر بێت بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق.

پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت بەرگری و ئاسایشی زیاتر هەبێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی نێر: 319




25%ی پیاوان لەو بڕوایەدان کە بەرگری و ئاسایش کەمتر دەبێت، بەرامبەر 15%ی ئافرەتان کە هەمان رایان هەیە، لەکاتێکدا 9%ی ئافرەتان هێشتا بڕیاریان لەسەر ئەم بابەتە نەداوە


Open Think Tank © 2017

### پرسیاری چوارەم: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت ئابوری باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟
(کۆی ژمارەی بەشداران: 677)




زۆرینەی دانیشتوانی دهۆک و هەولێر چاوەڕوانی ئابوری باشتر دەکەن پاش سەربەخۆیی کوردستان. لە سلێمانی52% لەو بڕوایەدان کە ئابوری خراپتر دەبێت لە پێش سەربەخۆیی، لەکاتێکدا 30% لەو بڕوایەدان کە ئابوری باشتر دەبێت پاش سەربەخۆیی.

ڕێژەی سەتیی ئەوانەی کە هیچ بۆچوونێکیان نییە لەسەر بابەتەکە لە سلێمانی 13% و لە دهۆک 18%یە.


**Open Think Tank © 2017**

پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت ئابوری باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟
وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 359




پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت ئابوری باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟
وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 318




سەبارەت بە باشبوونی چاوەڕوانکراوی ئابوری لە کوردستانی سەربەخۆدا، 47%ی پیاوان دەڵێن چاوەڕوان دەکەن ئابوری باش ببێت و 33% پیاوان چاوەڕوانی خراپبوونی ئابوری دەکەن. ڕێژەکانی ئافرەتان بەشێوەیەکی بەرچاو جیاوازن: 53% بڕوایان وایە کە ئابوری باش دەبێت لە کوردستانی سەربەخۆدا، لەبەرامبەر 14%ی ئافرەتان کە بڕوایان وایە ئابوری کەمتر باش دەبێت. ڕێژەی 7% جیاوازی هەیە لەنێوان پیاوان و ئافرەتان کە هێشتا بڕیاریان لەسەر ئەم بابەتە نەداوە.


Open Think Tank © 2017

## پرسیاری پێنجەم: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت کۆمەکە کۆمەڵایەتیەکان باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟

(کۆی ژمارەی بەشداران: 678)




هەمان ئەنجام دروستە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی سەربەخۆدا، کاتێک بەپێی پارێزگا بەراورد دەکرێن: دهۆک و هەولێر چاوەڕوانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی باشتر دەکەن،

لەکاتێکدا سلێمانی دابەشبووە: 34% چاوەڕوانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی باشتر دەکەن و 38% چاوەڕوانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی کەمتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا


Open Think Tank © 2017

**پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 360




**پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان باشتر بێت یان هەمان ئاست یان کەمتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی نێر: 318




زۆرینەی پیاوان و ئافرەتان چاوەڕوانی کۆمەکی کۆمەڵایەتی باشتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا: 50%ی پیاوان و 54%ی ئافرەتان. ژمارەیەکی زیاتری پیاوان لە ئافرەتان لەو بڕوایەدان کە

کۆمەکە کۆمەڵایەتییەکان کەمتر دەبن: 26% پیاوان بەرامبەر 15% ئافرەتان.

**پرسیاری شەشەم: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت پەروەردە باشتر بێت یان هەمان ئاست یان خراپتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟**

(کۆی ژمارەی بەشداران: 679)




سەبارەت بە سیاسەتی پەروەردە، زۆرینەی رەهای دهۆک و هەولێر چاوەڕوانی باشتربوونی پەروەردە دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا. گرنگە سەرنجی ئەنجامەکانی سلێمانی بدەین، کە خەڵکی زیاتر چاوەڕوانی خراپبوونی پەروەردە دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆ بە بەراورد بە مانەوە لەگەڵ عێراق.



Open Think Tank © 2017

**پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت پەروەردە باشتر بێت یان هەمان ئاست یان خراپتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی مێ: 360




زۆرینەی پیاوان و ئافرەتان چاوەڕوانی پەروەردەیەکی باشتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا.

**پرسیار: لە کوردستانێکی سەربەخۆدا، ئایا چاوەڕوان دەکەیت پەروەردە باشتر بێت یان هەمان ئاست یان خراپتر لەو کاتەی بەشێک بووە لە عێراق؟**

وەڵامەکان بەپێی جێندەر: کۆی ژمارەی بەشدارانی نێر: 319




بەڵام پیاوان زیاتر لە ئافرەتان لەو بڕوایەدان کە پەروەردە خراپتر دەبێت: 25%ی پیاوان بەرامبەر 15%ی ئافرەتان. ڕێژەی 15% لەو بڕوایەدان کە پەروەردە لەهەمان ئاستدا دەمێنێتەوە. 7% زیاتری ئافرەتان لە پیاوان هێشتا بڕیاریان نەداوە.



Open Think Tank © 2017

## چی خواستەکانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕووندەکاتەوە، سەبارەت بە ریفراندۆمی سەربەخۆیی و چاوەڕوانییەکانیان لە کوردستانێکی سەربەخۆ؟

لەکاتی گەڕان بەدوای ڕوونکردنەوەی وەڵامە هەڵبژێردراوەکان بۆ پرسیاری **مانەوەی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق، یان جیابوونەوە**، چەند فاکتەرێک هەیە کە کاریگەرییان لەسەر ئەنجامەکان هەیە، کە ئەمانەن: پاریزگا، حیزبی سیاسیی، تەمەن (بڕوانە زەردەکە بۆ گرنگیی پەیوەندیی نێوان ئەم فاکتەرانە).

| | *1. ئایا پێویستە هەرێمی کوردستان جیابێتەوە یان لەگەڵ عێراق بمێنێتەوە؟* | *2. ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندی سەربەخۆیی کوردستان بوو، بە بڕوای تۆ پێویستە کەی سەربەخۆیی ڕابگەیەنرێت؟* | *3. چاوەڕوانییەکان بۆ باشتربوونی بوارەکان لە ئایندە لە کوردستانی سەربەخۆدا؟* |
|---|---|---|---|
| پەروەردە | 0.009 | .067* | .162** |
| | 677 | 677 | 531 |
| پاریزگا | .318** | .165** | .320** |
| | 677 | 677 | 531 |
| جێندەر | 0.003 | .101** | -.140** |
| | 677 | 677 | 531 |
| ئیتنیک | 0.058 | 0.019 | .126** |
| | 309 | 676 | 530 |
| تەمەن | -.087* | -0.058 | -.128** |
| | 677 | 677 | 531 |
| حیزبی سیاسیی | .466** | .315** | .451** |
| | 309 | 677 | 253 |

بڕیار سەبارەت بە **کاتی راگەیاندنی سەربەخۆیی** ئەگەر ئەنجامی ریفراندۆم لە بەرژەوەندیی سەربەخۆیی کوردستان بوو، کاریگەرە بەم فاکتەرانە: ئاستی خوێندن، پارێزگا، جێندەر و حیزبی سیاسیی (بڕوانە سەوزەکە بۆ گرنگیی پەیوەندیی نێوان ئەم فاکتەرانە).


Open Think Tank © 2017

چاوەڕوانییەکان بۆ **باشتربوونی بوارە جیاوازەکان** لە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، وابەستەن بە کۆمەڵێک فاکتەری جیاوازەوە، بە بەراورد بە پرسیاری سادەی "جیابوونەوە یان مانەوە لەگەڵ عێراق". پارێزگا و حیزبی سیاسیی باشترین نیشاندەرن، بەڵام ئەمانە تەواو دەکرێن لەلایەن تەمەن، ئاستی خوێندن، جێندەر و ئیتنیک (بڕوانە شینەکە بۆ گرنگیی پەیوەندیی نێوان ئەم فاکتەرانە).

## ئەنجام

وەک لەم ئەنجامانەوە دەردەکەوێت، ژمارەی ئەوانەی دەیانەوێت هەرێمی کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ زیاترە لە ژمارەی ئەوانەی چاوەڕوانی ئاسایش، ئابوری، کۆمەکی کۆمەڵایەتی و پەروەردەی باشتر دەکەن لە کوردستانی سەربەخۆدا. ئەمە دەیسەلمێنێت کە جیابوونەوە لە عێراق خواستێکی گشتیی خەڵکی کوردستانە و ئاستی سیاسەتەکان تێدەپەڕێنێت. بەدەر لە ئەنجام ریفراندۆمی 09/25 پێویستە گفتوگۆی قووڵ بکرێت لەسەر پەیکەر و جۆری دەوڵەتی کوردستان بە ڕەزامەندی هەموو دانیشتوان، بەدەر لە جێندەر، ئاستی خوێندن، ئیتنیک، ئایین، حیزبی سیاسیی، ناوچە و پارێزگایان. پێویستە دەوڵەتە تازەکە چۆن بێت؟ چەند فرەیی دەبێت و دەستور و میکانیزمە یاساییەکانی چۆن دەبن؟ سیستمی سیاسیی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتوری چۆن دەبن لە دەوڵەتە تازەکەدا، چ جیاوازییەکی دەبێت لەگەڵ دۆخی ئێستا؟


Open Think Tank © 2017